# لاوکی سوارە

بۆ شەهید شاسوار جەلال( ئارام)

چیرۆکی: **حەمەفەریق حەسەن**

هەموو ساڵێک، لە ڕۆژێکی سەرتای بەهاردا، گەرد و گوڵی بەیان، لە (گۆلی حافزان)ی تەنگیسەر، لەبن کەلەکە بەردێکدا، سوورە گوڵووکێک سەر دەردێنێ. لەو دەمەدا، گەواڵە هەورێکی قورس بەتنۆکی باران، سەربەکڵاوە دادەکا.. کاتێ خۆشی کردەوە، پەلکە ڕەنگینەیەکی هێجگار گەورە، سەرێکی لە (سێکەلان) و سەرەکەی دیکەی لە (کەڵەوێ)، تاقی سەربازی نەناسراو بەسەر ئەو گوڵووکەدا هەڵدەدا. پەلکەڕەنگینەکە لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەبینرێ. لەو دەمەدا پاڵەکانی گۆلی حافزان، ئەم لاوکەیان وەبیردێتەوە:

دەلێلێ وەرە، لێلێ وەرە، لێلێ وەرە. لێلێ وەرە
تەڕی بەهارە، ئێوارەیە، ئێوارەیەکی درەنگە؛
چیای سەگرمە، دوند و کڵاوان، خەنەیی ڕەنگە.
(سوارە) ی تەڕلان ، بەکلکەی چیاوە؛
لەبۆ گراوی خۆی چاو لەدووە ، ڕاوی تەواوە.
کێویی هاویشتە پاشکۆی، نێچیری راوە،
بۆ دەزگیرانی دەروونی بەتین و تاوە.
زووبە لاو، ئەی شاسوارە،
هەڵبدەرە تاوی غارە.
ڕکێف لێدە لەو ئەسپی باڵەبانە؛
وەک شێرێ دەربچێ لە لانە؛
بیرە ئەو چۆم و باسک و شیوانە.
بگەرە دەزگیرانت؛
تەنیا باڵە، بەهیوایە بۆت چاوەڕانە.
خێرا ڕابە شاسوار قنجەسواری دێ،
تێهەڵکە ئاوزەنگی تەقێن، بەرلەوەی تاریکی دابێ.
وەک با گوزەر کە، بیرە ڕەقەن و لاڕێ؛
ڕۆژت درەنگ کرد، نەبا گراوت دڵی داخورپێ.
لە یادت بێ، لەو نێرگزجاڕە چەپکێ بقرتێنە؛
بۆ دولبەرت بیخەرە بەرپشتوێنە.
لەو گوڵاڵەی پێدەشتەش چەپکی ببەستە،
بەیادی چاوی گراوت، ئەو کیژە چاومەستە..
چەپکێ نێرگزی لەبەر پشتێنی نا، کێوی لە پاشکۆی قایم کرد.. کە هەیپای لێکرد، نەوەستا تا گەیشتە ئاوایی.. وەختایێ گەیشتە دێ، سەرنجی دا، ژاوەژاوە، دێ شڵەژاوە.. خۆی گەیاندە ماڵ.. چاوی گێرا، دەزگیرانی دیار نەبوو جلەوی لێبگرێ، بەنساموٚتە بترازێنێ، نێچیر لە پاشکۆی ئەسپ داگرێ، کاسەیەک دۆی سەرتەزێنی بەپێرەوە بێنێ. دڵی داخورپا!.. زانیی بەڵایەکیان بەسەردا هاتووە.. وەختێ سەری کێشایە ژوورێ، دیتی وا دەمڕاستەکانی دێ، چەتۆ و کوردۆ، لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژ و تەگبیریانە.. حەوشەیش سیرەی دێ لە سوارەی تەڕلان و چاوەڕوانی فەرمانن.
دایکی سوارە دەڵێ:
کورە لاوۆ، هانە سەدجار بۆ تۆم هێناوە هانە؛
ئەم ئێوارەیە لە تەنگی بانگی شێوانە،
لەو دەمەیدا خۆر لە زەردەپەڕە،
کاتێ سۆفییان، بۆ خووودای خۆیان ملکەچن و

وەستاون دەستە و نەزەرە؛
نژدەی ڕمووزن، دەوری گوندیان گرت،
نەسەد، نەهەزار؛
کیژ و کاڵی گوندیان لەچەقی ئاوایی ڕاگرت؛
جوانەژن و سەربەهیزار.!
لەناو نازەنینان کردیان گوڵبژێر؛
بردیان دولبەرت بووکەخانی سەربەزێر.!
فریای کەوە، یەخسیرە، وا بەچیاوە؛
چاویی لەڕێیە بچیپە هانای، کاتێ دەگەڕێیتەوە لە ڕاوە.!
شیری ئەمنت حەڵاڵ بێ، هەڵمەت بەرە، گورگی چیابە.!
گراوت لە چنگی ڕمووزنان یەخسیرە، درەنگە ڕابە.
دەترسێم ڕەنجم بروا بەفیرۆ، ببم سەرگەردان؛
بووکەخانم لە دەست بچێ، بەترش و تاڵان.!
سوارە، کە ئەو هەواڵەی بیست، هەردوو چاوی بوونە ئاگردان. خوێنی گەرم ڕاهات. چەخماخە لە کەڵلەی دا. مووی زیت بوونەوە. قسەکانی دایکی کاریان لە دەماری کرد. حەیفی لێهات، بەو هەموو عەگید و سواری تەڕلانە نەیانتوانیوە بووکەخانی بۆگلبدەنەوە.
**سوارە دەڵێ**:
حەیفێکم لە دڵدا گرێیە، خەمێک لەدڵم گرانە؛
داخۆ ئێستا، بووکەخانم لە کوێ یەخسیرە، دڵ نیگەرانە..؟!
داخۆ مەمکۆڵەی یارم، بەدەستی کێ گۆویاوە؟!
داخۆ شابسکانی، چلۆن بوون پەرش و بڵاوە؟!
گەردنی زەرد بەخاڵی؛
چ ڕمووزنێک تێی ئاڵاندووە باڵی؟!
بووکەخان، باست ناکرێ بەزاری؛
وێنەت نییە، تاکە جوانی ئاقاری.
بووکەخانم زێدە جوانە!
لە دوای باڵای وی، بۆچمە ئەو ژیانە.؟
هانام بۆلای ئێویە، بۆم بکەن ڕاو و تەگبیرە،
بووکە خانم لە چنگی ڕمووزنان بەند و یەخسیرە.
ئەمن هانایەکم هێناوە بۆلای کوردۆیە، بۆکن چەتۆیە؛
بێنە کۆمەکم، ڕۆژی مەیداندارییە ئەمڕۆ،
ڕۆژی باز و هەڵۆیە.
**کوردۆ دەڵێ**:
سوارە مەناڵە، هۆ برام مەناڵە، بۆو بووکەخانە؛
ئەو تەنێ گراوی تۆ نییە، بووکی کوێستانە.
ئەو بووکە خانەم سەرتۆپی دێیە؛
بۆڕستگاری بەهێوایە و چاوی لە ڕێیە.
بەڵام قۆشەنی نژدەی دژوێن؛
لە هەژمار نایە، دوژمن بەئێمەن، تینوون بەخوێن.
تاریکەشەوە، چی بازگە و پردە لێمان گیراوە؛
هەرچوار کەنارمان، خێڵی نەیارن،
چی ڕێ و بوارە، بەتۆڕ و پێداو، لێمان تەنراوە.
لێمان بوەستە تاکو بەیانی،
بەچاوی ڕۆشن، لە نژدە دەگرین سەری مەیدانی.
چەتۆ دەڵێ:
سوارە مەناڵە، هۆ برام مەناڵێنە،

پاکی کوڕانی دێ، بۆ ڕۆژی دەعوا،
پڵنگی چنگ بەخوێنە.
ئەو بووکەخانەم شاجوانی دێیە؛
شەو بەسەرداهات، ڕزگارمان نەکرد لە چنگی نژدە؛
دڵ بەگرێیە..
بەڵام هاوارە، سوارە هاوارە؛
ئەنگوستەچاوە، ڕێ نادیارە!!
سوارە، کەئەو هەواڵانەی لەکوردۆ و چەتۆ بیست، ئەوەندەی تر دڵنیگەران بوو.. ئەسپی شەتاند و نەڕاندی:
بەتاقی تەنیاش بێ دەچمەوە بەگژ قۆشەنی ڕمووزندا، یان بووکەخان، یان هەڵدێران!
لێلاوۆ لێلاوۆ لێلاوۆ لێلاوۆ
ئەگەر نەگەمە هانای ئەمشەو، شەوی تەنگانە؛
نەکەس بەقام پێدەکا،
نەبووکەخانم پێمدەکا متمانە.!
ئەمن سەرێکە و دەیبەم ، نایەمە دوواوە،
بووکەخانم لە ڕمووزنان دەفڕێنم، دەگەم بەکاوە.!
ئەگەر گلاشم ، بۆم مەدەن لە سینگ؛
ئەمەکی ئەوم وا لەبەرچاوە، بەجێم هێناوە.
بۆخۆم دەزانم تاکو بەیانی ئەو گوڵئەندامە؛
چاوی لە ڕێیە، بەشوێنیا بچم، هەر بەتەمامە.
ئەو بووکەخانەم، کابانی پاڵە و کرمانجی دێیە؛
کە لە دەستتان چوو، لە داوای باڵای ئەو؛
نیازتان بەکێیە؟!
سوارە هەیپای لێکرد. نەوستا تاگەیشتە دامێنی (کەڵەوێ). چوار سواری کرمانجیش بۆ کۆمەک شوێنی کەوتن.
**دایکی سوارە دەڵێ**:
شیری ئەمنت حەڵاڵ بێ سوارە، ئەی شۆرە لاوە،
بووکەخانم بۆ نەهێنی، نەیەیتە داووە.!
ئەگەر پیرۆز بووی کوری خۆم، هەتا هەتا دێ؛
دەبییە خاوەنی بووکەخان، تاجی سەری دێ؛
ئەگەر گلاشی، کفنت بۆ دەدرووم، لە پەڕەی گوڵووک؛
بۆ بەخت و مراز، دێنەسەر گڵکۆت،
زاوا و تازەبووک.!
خەنجەری سوارەم بەجەوهەرە؛
بۆ پاڵە و جووتیار، سایە و سێبەرە.
سوارەم سوارێ بەجەرگە؛
بەزێنەری مەرگە..!!
ئەسپی کوری خۆم کوێتە؛
سوارە هیوام پێتە.
ئەسپی کورم باڵەبانە؛
لە مەیدانا بەهەڵمەتە ڕۆژی تەنگانە.
گەردن کەڵ و کەفەڵ پانە.
نەرمەزینی مەرەزییە؛
ناوقەدی مامزییە.
لغاوی مرواری چنە؛
نژدەی ڕمووزن، لێمان دوژمنە.!

بووکەخانم زێدە جوانە،
لەسەر جووت گۆنای زوڵفی سەیوانە.
لە کەمەریدا، پەلکەی سێبەنگی، دەکەن جۆلانە.
لێو سووری هەنارە؛
شاجوانی ناوچەو ئاقارە.!
بووکەخانم منداڵە،
پاو پووزی، بەپامووره و خڕخاڵە.

خرم هووڕ و تەتەشمی بەپەلەی سمی ئەسپان، لە تەک دەنگی ڕەقی تەپڵی سواریدا تێکەڵ دەبوون و ئاوازێکی تووڕەیان دەسازاند.. ئاوازەکە وەک بەناو تەپ و نمی باو بۆراندا ڕێ بکا و ڕووە و بنارەکان و دۆڵی نێوان (سێکەلان) و (کەڵەوێ)دا شۆڕببێتەوە وەهابوو.. بەمبەر و ئەوبەری ڕێگاوە شەخەڵ و دەوەن، بۆ پێشوازیی تیپی سوار وەستابوون. کاتێ سوارەکان دەگەیشتنە بەرەوە ، ئەوان سەری ڕێزیان دادەنەواند و دەچەمینەوە.. حیلەی ئەسپ و تەتەشمی خێرای چوارپەلیان ، تادەهات هەراشتر دەگەیشتنە پەردەی گوێی.

سوارە لە بناری کەڵەوێوە، بانگی بووکەخان دەکا:
هۆ بووکەخانی سەر بەزێڕ، ئەگەر بمێنم؛
بەزەبری بازوو، لە چنگی ڕمووزنانت دەردێنم.!
ئەمشەو لە سێباری نێوەشەوێ؛
لەو دەمەیدا، نۆدە چاویان دەچێتە خەوێ؛
دەگرەم ملەی (کووپان)، دەگرم چیای (کەڵەوێ).
لە دەستی ڕمووزنانت ڕادەفڕێنم؛
من هەڵوەدای باڵات دەبم، هەتا بمێنم.

**بووکەخان وەڵامی دەداتەوە:**
هۆ کوڕە لاوەی بەوەفایە؛
گەر ئازادم بکەی، بەندت بۆ دەڵێم هەتاهەتایە!
بێترس شەوانە، بێرە باخەڵم، بێرە میوانم؛
بمژە دوو لێوم، بگوشە بەیانم.!
داخێکم لا کەسەرە، دەردێ لە دڵم بەبرینە؛
نۆدەی ڕمووزن، لێمان بەقینە.!
کاتێ نۆدە پێیان زانین، لەکەند و لەندەوە بۆیان دابەزین و ئاپۆرەیان لێدان.. لە ململانێی پڵنگ و ئاسک دەچوو.. نۆدە چون گەڵای داران. تەیار و بەتفاق.. ئەمان تەنیا باڵ و بەژمارە کەم.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بەدەست و برد و بەهەڵمەت بوون، بەو شاخسار و قەدپاڵانەوە دیاربوون. حیلەو سمکۆڵان و بەیەکدا هاتنی ئەسپان؛ تێکەڵ ئاوازی ڕەق و تووڕەی تەپڵی باز دەبوو. دەیدا بەتاش و ڕەوەزەکاندا و دەگەڕانەوە. بای وەشت دەنگەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و دەیدا بەگوێی گوند نشینەکاندا و دەماری کرژ دەکردن.. سوارە و هاوەڵەکانی بەڕوونی بەرپێی خۆیان نەدەدی. لەیەک داپڕان و ئیدی یەکانگیر نەبوونەوە..

**سوارە دەڵێ:**
خۆمن هەڵۆ نیم، باڵم لە پەربێ، بفڕم بێم بۆلات؛
بەباز و دەرران، ئاسمان تەی بکەم،
ڕزگارت بکەم. لە چنگ مەرگەسات.!
بەڵام بووکەخان، بەسەردنیاوە تاکو بمێنم؛
لە هەڵمەت بردن، کول و کاس نابم؛
تا لە دەست دوژمن. ڕاتدەفڕێنم.!!

شەوەزەنگەکە تۆختر دەبوو.. لەو دەمەدا، سوارە مەیدانی لە نژدەیەک دەخواست.. دەیان بەرەورووی چوون. تێی مرووکان و لایان لێپرێ.

**سوارە دەڵێ**:

نژدەم تێوەربوون لە هەرچوارلاوە، لە هەقیان نایەم؛
لێشیان ناترسم، عەشقە سەرمایەم.!
هەرچەند دەزانم پێشم هەڵدێرە و هاکا ترازام؛
بەڵام سەرکەشم، ناگەڕێمەوە،
تەنیا سەرکەشی ساڕێژ دەکا زام.!!
چاوم بەرایی نادا، گراوم مل بەکوێن بێ؛
لەم سەرانسەرە، تەنیا بووکەخان، بێسەر و شوێن بێ.!

تەپڵەکە بێدەنگ بوو. ئەسپەکان جووڵەیان نەما. بێدەنگییەکی سامهێن، بۆ ماوەیەک چەتری ڕەشی هەڵدا.. ئەو شەوە خۆر گریا.. لەوساوە فرمێسکەکانی، بەچاوە ڕەشەکانی ئاسمانەوە بوونەتە ئەستێرە و قەتیس ماون.. بەم ڕۆژگارەش ئەو دەشت و هەڵەتانەی بەشوێندا وێڵە.. لەوساوە شۆڕەبییەکانی کەناری(چەمی تلێ) و (باسەڕە) و (دێوانە)، بەبای زریان پرچیان دەڕننەوە.. لە ئاوایی، چەتۆ و کوردۆ، چاوەڕوانی دەرووبەکن..

سلێمانی، 1 ـ 23 ی کانوونی دووەمی
1979

---

تێبینێ:
ئەم چیرۆکە دوور و نزیک پەیوەندیی بەفۆلکلۆرەوە نییە. لاوک، ئەسڵەن هیچ ئاشنایەتییەکی لەگەڵ ناوچەی (قەرەداخ)دا نییە، کە ئەم چیرۆکەی تێدا ڕوودەدا. مەگەر ئەوەندە هەبێ، سوودم لە هونەری گێڕانەوەی لاوک وەرگرتووە، کە لە شیعر و پەخشان پێکەوە پێکدێ. دەمەوێ بڵێم: دوا ڕستەی ئەم چیرۆکە دەسکاری خۆمە و بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بەسەر شەهیدبوونی (شاسوار جەلال)دا، کە بە(ئارام) ناوبانگی ڕۆیوە نووسیومە. ناوبراو لە کاتی خۆیدا لە هەفتەنامەی (هاوکاری)دا بەناوی (سوارە) وە دەینووسی. بەڕوونی شوێنی شەهیدبوون و ئەو جێیانەی ئەوی تێدا دەجووڵا لەم چیرۆکەدا ئاماژەیان پێدراوە. جێی وتنە هەر دوای نووسینی، واتە (ساڵی1979) لە کۆڕێکی (یەکێتی نووسەرانی کورد/لقی سلێمانی)دا، خوێندراوەتەوە.. هەر دوای بڵاوبوونەوەی، چەند شاعیرێکی سلێمانی لاسایی ئەم شێوازەیان کردەوە، کە بۆ یەکەمین جار (بەندە) بۆ نووسینی چیرۆک خستوومەتە کار.
تەنگیسەر: دێیەکە لە دەڤەری قەرەداخ
گۆلی حافزان: ئەو پارچە زەوییەی لەگوندی تەنگیسەر، کە ئارامی تێدا شەهید بوو.
کەڵەوێ : چیایەکی بەرزە بەسەر تەنگیسەردا دەڕوانێ.
چەمی تلێ، باسەڕە، دێوانە: سێ چەمی گەورەن لە ناوچەی قەرەداخ.. باسەڕە، دوای قەرەداخ، بەگەرمیاندا ڕەت دەبێ و دێوانەش دەڕژێتە سیروان و پەنگاوی دەربەندیخانەوە.
سێکەلان و مەلەی کووپان: دوو لوتکە چیای بەرزن لە دەوروبەری تەنگیسەر.